# بنیاتی شوێنکات لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە )ی (میران ئەبراهام)دا

ڤیان قانع حسین [١]، موحسین ئەحمەد عومەر [٢]
[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Corresponding author's e-mail: mohsen.omer@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (بنیاتی شوێنکات لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)ی (میران ئەبراهام)دایە، مەبەستیەتی کاریگەری گرنگی بنیاتی شوێنکات لەڕووی مێژوویەوە بخاتە ڕوو، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات کۆمەڵێک لایەنی گرنگ دەربخات، وەکو (توخمی شوێن و توخمی کات) ، هەروەها بەکارهێنانی ( جۆرەکانی شوێن) و ( سیستەم و ڕێچکەکانی کات لە ڕووی دواخراو و پێشخراو)ەوە. توێژەرەکان لەسەر ڕۆمانی خەمی مەستوورە گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی ڕۆمانەکە خۆی لە ڕۆمانێکی ریالیزمی دەبینێتەوە بەڵام خاوەن گێڕانەوەیەکی بەهێز و کاریگەرە، لەم ڕۆمانەدا پەیوەندی کات و شوێن و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە نێو ڕۆمانەکەدا خراوەتە ژێر لێکۆلینەوە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە شوێنکات بۆتە دەرخەری ڕووداوێکی مێژوویی ناخۆش مەبەستمان کارەساتی ئەنفالە، لە پاڵیشیدا خەمی ئەو کەس و ژنانەی تا کۆتایی ژیانیان لە چاوەڕوانی کەس و کاریان سەریان نایەوە دەخاتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** (شوێن، کات، مەستوورە، گێڕانەوە)

**الملخص:**

هذا البحث الموسوم بـ( بنية الزمكانية في رواية (حزن مستورة) ل)ميران ابراهام) (، يحاول عرض اهمية عنصري الزمان والمكان من الناحية التاريخية في هذه الرواية. البحث أيضا يحاول أن يظهر مجموعة من النواحي المهمة، مثل: (عنصر المكان و عنصر الزمان)، وكذلك استخدام (انواع المكان) و (نظم و طرق الزمان من ناحية التقديم و التأخير). وصل باحثوا رواية (حزن مستورة) الى رأي بأن الرواية تعتبر من النوع الواقعي مع سرد قوي و مثير. في هذه الرواية تم تحليل العلاقة بين الزمان و المكان و طريقة استخدامهما. ومن خلال هذا البحث وصلنا الى استنتاج بان الزمكان اظهر لنا حدث تاريخي مؤلم الا وهو كارثة الانفال و المؤنفلين ومعانات ذويهم من النساء والرجال الذين باتوابانتظارهم طوال حياتهم.

**الكلمات المفتاحية:** زمان، مكان، مستورة، سرد


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/٢٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohsen.omer@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ ڤیان قانع حسین، پ.ی.د. موحسین ئەحمەد عومەر،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

This research, entitled the setting basis in the novel ‹›mastoora´s grief›› by ‹›Miran Abraham›› aims to indicate the important effect of the setting basis, historically. the study tries to show numerous aspects such as the use of the ‹› the time and position elements›› as well as «the position types›› and ‹› time systems and pathways in the face of delays and advances». Researches have concluded that the novel finds itself in a «realism novel» but has a strong and effective description. In the novel, the relationship between time and place and their usage has been inspected, one of the results of this study is that the setting has demonstrated a terrible historical event which is «the Anfal disaster», along with the grief of those people, pointedly women, who have been waiting for their families for the rest of their lives.

## پێشەکی:

ناونیشان گرنگی و ماهییەتی خۆی هەیە لە نێو ڕێبازی لێکۆڵینەوە وکاری زانستیدا، بەشێک لە قورسایی توێژینەوەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بنیاتی شوێنکات لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)ی (میران ئەبراهام)دا ، هەوڵدانە بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی ڕۆڵی هەر یەک لە توخمەکانی (شوێن) و (کات) لە نێو ڕۆمانەکە، کە بوونەتە دوو بنەمای سەرەکی بۆ پێکهێنان و دروستبوونی دەقێکی گێڕانەوەیی.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەپەیڕەوی میتۆدی (وەسفی – شیکاری) کراوە، بەگوێرەی ئەم میتۆدەش سەرەتا لە هەر بەشێک باسی لایەنی تیۆری توخمەکان کراوە، دواتر لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەو توخمانە لە ڕۆمانەکەدا خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

گرنگی توێژینەوەکە وردبوونەوەیە لە بنیاتی شوێنکات لە نێو ڕۆمانەکەدا، کۆمەڵێک وردەکاری گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس پەنای بۆ بردووە تاوەکو بینای ڕۆمانەکەی بە شێوەیەکی ئیستاتیکی پێ دەوڵەمەند و پتەو بکات.

کەرە ستەی توێژینەوەکە بریتیین لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە لەگەڵ هەردوو توخمی کات و شوێن، لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ یەکتری دا، کەرە ستەی توێژینەوەکەیان پێک هێناوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، لە بەشی یەکەم خۆی لە سێ تەوەر دەبینێتەوە، لە تەوەری یەکەم بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەمان بە دروستبوونی شوێنکات کردووە، تەوەری دووەم باسی شوێن و جۆرەکانی کراوە، لە تەوەری سێیەمدا باسی کات و لەناویشدا ئاماژەمان بە سیستەم و ڕێچکەکانی کردووە. بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێک دێت، لە تەوەری یەکەمدا پراکتیزەی شوێن و جۆرەکانی کراوە و لە تەوەری دووەمدا پراکتیزەی ڕێچکەکانی کات و سیستەمی کات کراوە، لە ڕۆمانەکەدا. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو .

## بەشی یەکەم: بنیاتی شوێنکات لە ڕووی تیۆرییەوە

### تەوەری یەکەم: شوێنکات

بەهۆی نزیکی و پەیوەندی پتەوی نێوان کات و شوێن ئەم چەمکە هاتۆتە ئاراوە، هەرچەندە مێژووی ئەم چەمکە نوێیە، سەرەتا لە بوارەکانی بیرکاری،دواتریش تیۆری ڕێژەیی لای ئەنیشتاین هۆیەک بوو بۆ بەرهەمهێنانی ئەم چەمکە، پاشان لق و پۆپی هاویشت تاوەکو جێگەی خۆی لە بواری ئەدەبیاتیشدا کردەوە، هەروەها یەکەم کەس ئەم چەمکەی بەکارهێنابێت (باختین) بووە، کە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شوێن لەکاتدا هەستی پێدەکرێت و پەیوەندیەکانی کاتیش لە شوێندا بە دیار دەکەون و ئەم تێکەڵەیەش لە نێوانیاندا شوێنکاتی تەکنیکی

دێنێته ئاراوه)) (باختین، ١٩٩٠، ل٦) .

شوێن و کات لە ئەدەبدا دەرخەری تایبەتمەندییەکانی یەکترن، چونکە شوێن هەر دەلالەت نییە لە درێژی وپانی و بەرزی بەڵکو ئێمە لەرێگەی شوێنەوە دەلاقەی ئەوەمان بۆ دەبێتەوە گوزەر بکەین بە نێو کات چونکە تۆ هەرکە پرسیت (کەی) ئەوە ڕاستەوخۆ دوای ئەو پرسیار لە (کوێ)ش دێتەکایەوە، هەر دوو توخمی شوێن و کاتیش دەبنە هۆی دروستکردنی کارەکتەر و ناسنامەی بە باڵا دا دەبڕن بۆیە کارەکتەری بێ شوێن و ڕووداوی بێ کات بوونیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەو خاوەن بوونی سەربەخۆی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

## تەوەری دووەم: توخمی شوێن و جۆرەکانی

### توخمی شوێن:

شوێن وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە ئێستێتیکا و بەهونەری بوونی ڕۆمان، هەروەها پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ڕووداو و دەتوانێت گۆڕانکاری لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بکات و دەستێکی باڵای هەبێت لە دروستکردن و خولقاندنیان دا، لە هەمان کاتیشدا شوێن هۆیەکە بۆ دەرخستنی لایەنی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەر واتە لایەنی دەروونی کارەکتەر بەتایبەت کاتێک بەر شوێنێک دەکەوێت ئەوە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە کاریگەری لەسەر بەجێدێڵێت بەو مانایەی شوێن وەک چارۆکەیەک وایە و هەموو توخمەکانی تر لەخۆ دەگرێت, کاتێک ڕووداوێک هەبێت و کارەکتەرێکیش ئامادە بێت ئەوە دەبێت شوێنێک پەیدا ببێت ئەم پرۆسەیە لەخۆ بگرێت، جگە لەوەی شوێن نەک هەر توخمەکانی تری گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت بەڵکو ((شوێن بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو جۆرەکانی ئەدەبە، توخمێکی گەوهەرییە لە بەرهەمی شانۆ و چیرۆک و ڕۆماندا ... بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو کارەکانی گێڕانەوەیە، بایەخدان بە شوێن و مەودای جوگرافی و هێمایی و بەرجەستەکردنی لە هەموو هونەرەکاندا هەریەکەیان بەپێی بوار و پانتایی خۆی بەدی دەکرێت)) (سالح، ٢٠١١، ل ٤٦) کەواتە گرنگیدان بەوردەکاری شوێن لە ڕۆماندا وامان لێ دەکات ڕووداوەکان ڕوونتر بێنە بەرچاو و زەینی خوێنەر .

### جۆرەکانی شوێن:

دابەشکردنی جۆرەکانی شوێن بەزۆر شێواز و ڕێگەی جیاواز پۆلێن کراوە باوترینیان دابەشکردنی شوێنە لەلایەن (تانیا ئەسعەد محەمەد):

**١. شوێنی واقیعی:**

شوێنێکە بوونی لەسەر زەوی بەرجەستەکراوە ، بەهۆی هەستی بینین دەتوانین ببینین و هەستی پێ بکەین واتە جێگەی تایبەتی بۆ دەبینرێتەوە، جا ئەم شوێنە لە بەرامبەرمان بێت یاخود لە مێژوودا بوونی هەبووبێت و شار و گوند و ناوچە و گەڕەک بێت، هەر بە ناو هێنانی وێنای شوێنەکە دەکەین لە واقیعدا، بەڵام ناکرێت بوترێت شوێنی نێو ڕۆمان ڕەنگدانەوە و وێنەیەکی کتومتی نێو واقیعە، چونکە شوێنی دەق جیاوازە و هەرچەندە بەناوهێنانی شوێنە واقیعیەکە خوێنەر وا لێ دەکات بەبێ ماندوو بوون و بیرکردنەوە بیناسێتەوە، جگە لەوەش نووسەر, یان ڕۆماننووس لە کاتی دروستکردنی شوێنەکەدا خەیاڵ و لایەنی دەروونی خۆی تێکەڵ بە شوێنەکە دەکات و دەخزێتە نێو چوارچێوەیەکی هونەری و جیای دەکاتەوە لە شوێنی واقیعی بۆیە ((شوێن لە چیرۆکدا شوێنی ڕاستەقینەی نییە لە شتە هەبووەکانەوە دروست نەکراوە، بەڵکو شوێنێکە ئەندێشەییەو لە وشە دروست دەکرێت)) (سابیر، ٢٠٠١، ل ٣٢٥)

**٢. شوێنی خەیاڵی:**

ئەو شوێنەیە کە بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە لەسەر زەوی ناتوانین هەستییان پێ بکەین و ببینین بەچاو، بەڵکو نووسەر بەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆی ئافراندوویەتی و بەرگی ڕاستەقینەی بە بەردا کردووە, بەڵام دەکرێت هاوشێوەیان هەبێت لە واقیع، بەپێچەوانەوە شوێنی ڕاستەقینە دەبینرێت و لە ڕێگەی بینینەوە دادەڕێژرێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت, کە شوێنی خەیاڵی بایەخی کەمترەو خوێنەر حەزی پێناکات, یاخود ناتوانێت قبوڵی بکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شوێنی خەیاڵی گرنگی خۆی هەیە، دەتوانرێت یارمەتیدەرێکی باشی ڕۆماننووس بێت تا بتوانێ ئازادانەتر گەمە بەکارەکتەر و ڕووداوەکان بکات و گۆڕانکاری تێدا دروست بکات ((شوێنی خەیاڵی ئیجابیاتی خۆی هەیە، ئەو بوارە لە بەردەم ڕۆمانووسدا دەڕەخسێنێت, کە بە ئازادی و سەربەستی مامەڵە لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکاندا بکات، هەروەها بە پێی خەون و خەیاڵ و خواست و ئارەزوو و پەیامی خۆی، شوێنی هەمەجۆر و داهێنراو بخوڵقێنێ)) (ساڵح، ٢٠١١، ل٩٣)

### ٣.شوێنی هۆگر:

شوێنێکە کارەکتەر هۆگریەتی و پەیوەندییەکی روحی و هەست و سۆزێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو شوێنە، ئارامی پێ دەبەخشێت و تیایدا هەست بە ئاسوودەیی دەروونی دەکات، بەهەمووکەم و کوڕی و ئازار و مەینەتییەکانی هێشتا یادگاریەکانی ئەم شوێنە شیرینە لەلای، بێگومان جوانترین یادگاری و بیرەوەریشمان هی زەمەنی منداڵیمانە بە تایبەتی ئەو ماڵەی تێیدا ژیاوین و ئەو گەڕەکەی تێیدا گەورە بووین, بەڵام شوێنی تریش هەن دەچنە چوارچێوەی شوێنی هۆگر بەڵام لەهەمووان لە پێشتر هۆگری ماڵی منداڵییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی هۆگر ((هەموو ئەو شوێنانەیە کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بە پاراستن و گەرمی کردووە، بە شێوەیەک، کە ئەم شوێنە بووەتە مادەی یادەوەریەکانمان.)) ( ئیسماعیل، ٢٠٠٩، ل٤١)

### ٤.شوێنی ناهۆگر:

شوێنێکە ئاشنا و خوازراو نییە، بۆ کارەکتەر و زۆر جاران هەست بە نائارامی و گۆشەگیری دەکات و ڕقی لێیەتی و لە ڕووی دەروونییەوە ئازاری دەدات، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت بەناچاری هاتۆتە ئەو شوێنە و جا بەشێوەیەکی کاتی بێت، یان هەمیشەیی، بۆیە دەتوانرێت دوو جۆر شوێنی ناهۆگر دیاری بکرێت لە ڕۆماندا. ئەم جۆرەیان شوێنێکە کارەکتەر هەست بە نائاسوودەیی دەکات، چونکە ماڵی تایبەتی خۆی نییە و بە زێدی خۆی نازانێت، تەنانەت هەندێ جار شوێنە نوێیەکە زۆر خۆش و دڵگیرترە لە شوێنە کۆنەکەی خۆی بەڵام هێشتا دڵی ئارام نابێتە تیایدا. جۆرێکی تر شوێنی ناهۆگر هەیە، پێی دەگوترێت (دژبەر)، ((کە کارەکتەر بەرانبەریان هەست بە ڕق و کینە و دوژمنایەتی دەکات،یان هەست بە مەترسی ئازارو ئەشکەنجە و هەندێجاریش ترسی مەرگیان لێ دەکات.)) (ساڵح، ٢٠١١، ل١١٦)

لێرەوە گرنگ و بایەخی تایبەتی شوێنی هۆگرمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە دەبێتە سەکۆی ململانێی کارەکتەر و ڕووداوەکان بەجۆرێک زۆرجاران دەگونجێت شوێنەکە لە ئاشناوە بگۆڕێت بۆ نائاشنا, یان ناهۆگر ئەمەش بەهۆی هەڵهاتن و ڕۆیشتنی کارەکتەرەوە دەبێت بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێن هەست و دەروونی کارەکتەر لەشوێنێک ئارام و ئاسوودە بێت دەبێتە شوێنی هۆگر، بەپێچەوانە کارەکتەر هەستی بە نائارامی و نامۆی کرد ئەوە دەبێتە ناهۆگر.

### ٥.شوێنی کراوە:

شوێنێکە لە ناوەکەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، شوێنێکی کراوەیە و تایبەت نییە بەهیچ کەسێک و موڵکی گشتییە، لە ڕۆماندا ئەم جۆرە شوێنە تێیدا کارەکتەر دەتوانێت بێ هیچ بەربەستێک بۆی بچێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، بۆیە دەوترێت ((شوێنێکە کە کەس خاوەنی نییە واتە (گشتی)یە، واتە موڵکی دەسەڵاتی گشتییە، کە هەڵقووڵاوی ئەو گرووپەیە پێی دەوترێت (دەوڵەت) )) ( جنداري، ٢٠٠١، ل٢٥٦)، یاخود هەندێکی تریشیان موڵکی گشتین یاخود پەیوەندی بەتاکە کەسەوە هەیە، واتە ((هەمووکەسێک دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و بەئارەزووی خۆیان تێدا بێن و بچن، شێوەیەکی گشتییان هەیە، وەک: کۆڵان، گەڕەک، شەقام، گوند، شار یاخود دەکرێت شوێنی تریش ئاماژە پێ بکەین کە موڵکی تاکەکەسێکە و خۆی دروستی کردووە و بنیاتی ناوەوە وەک ( چایخانە، حەمام، مزگەوت، ) )) (ساڵح، ٢٠١١، ل١٢٥)

### ٦.شوێنی داخراو:

ئەم شوێنە پێچەوانەی شوێنی کراوەیە، شوێنێکە تایبەتە بەکەسێک, یان کۆمەڵە کەسانێک، هەموو کەسێک ناتوانێت بەکاری بێنێت، واتە تایبەتە بەکارەکتەر و یاخود چەند کارەکتەرێک کە تایبەتمەندی ئەوانی هەڵگرتووە، ئینجا ئەو کارەکتەرانە بە ئارەزووی ویستی خۆیان بمێنەوە یاخود بەزۆر لەوێ دانرابن دیارە ((مەبەست لەو شوێنانەی بەویستی خۆیان تیایدا دەژی بریتییە لە ماڵ و هەورووەها مەبەستیش لەو شوێنەی بە زۆری تیا هێڵراونەتەوە بریتییە لە زیندان)) (حمدامین، ٢٠١٢، ل٧٨)

داخران و کرانەوەی شوێن دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی سایکۆلۆژی دەروونی کارەکتەرەکە، تا چەند هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، یاخود بە تێپەڕ بوونی زەمەن لەگەڵ شوێنەکە ڕا دێت و دەبێتە شوێنێکی ئاشنا و گونجاو بۆی ((فراوانی و تەنگەبەری شوێن، بۆ پەنتایی لە رووبەری شوێندا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەروون و هەست و میزاجی مرۆڤەکەیە کە فراوانی و تەنگەبەری شوێن دیاری دەکەن)) (عەبدولمحەمەد، ٢٠١٥، ل٤٥)

## تەوەری سێیەم: توخمی کات و شێوازەکانی

### توخمی کات.

کات وەک پرسێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو بەردەوام جێگای پرسیار بووە، لە کۆنەوە تا ئەمرۆش لە هەر ئاست و گروپێک بەجۆرێک خستوویانەتە بەر بەرداشی لێکۆلینەوە و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، بە بۆچوونە باوەکە کات بریتییە لە زنجیرەیەکی بەدوا یەکداهاتووی نەپچڕاو، بەڵام لای فەیلەسوفان هەر لە سەرەتای وروژاندنی پرسیاری (کات چییە؟) بەزۆر شێوازی ئاڵۆز بۆی چوون و بە یەکێک لە چەمکە سەخت و ئاڵۆزەکان دادەنرێت، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە لە فەلسەفەی یۆنانی دوو بۆچوونی دژیەک لە بارەی (کات)ەوە سەر هەڵدەدەن، ((کەیەکەمیان (پلاتۆن) نوێنەرایەتی دەکات و پێی وایە (کات) هاوکاتی گەردوون هاتووەتە بوون، بۆیە هەردووکیشیان پێکەوە لە ناو دەچن، لە کاتێکدا (ئەریستۆ) نوێنەری بۆچوونی دووەمە و (کات) دەخاتە پێش گێتییەوە، بگرە پێی وایە گێتی خۆی لە (کات) دروست بووە و لە ناوچوونیشی نییە، مادام بە جووڵەوە بەندە)) (کاکە سوور، ٢٠٢١، ل١١٢- ١١٣)

بۆچوونی فیزیایش سەبارەت بەکات پێمان دەڵێت کات و شوێن ناتوانرێت لەیەکتری دا ببڕێت و کات بەشوێنەوە وابەستە بووە، هەرچی بیروبۆچوونی ئەنیشتاینە (کات) بەرەهەندی چوارەم یاخود دووری چوارەم دادەنا لە دوای پانی و درێژی و بەرزی، بەڵام دیارە ئەوکاتەی کە ئێمەی مرۆڤ هەستی پێدەکەین کاتێکە سروشتییە و تەنیا بۆ پێشەوە دەڕوات و ملکەچی گەڕانەوە نییە، بەڵام ئەمە جیاوازە، لەوکاتەی کە پێی دەگوترێت (( (کاتی سایکۆلۆجی)، هەر ئەویشە هاتۆتە ناو دنیای ئەدەب و هونەرەوە)) (کاکە سوور، ٢٠٢١، ل١١٣)، چونکە کات لە نێو ئەدەب بە تایبەت لەنێو ڕۆماندا زۆر جیاوازە لەوکاتەی, کە ئێمە لە ژیانماندا هەستی پێدەکەین واتە مەرج نییە، کاتەکان لە ڕابردووە وە بۆ ئێستا و داهاتوو بڕۆن و یاخود بڵێن یەک جۆر لە کات بوونی هەبێت زۆر جاران کاتەکان پەیوەندییان بە نووسەر یان دەق یاخود خوێنەرەوە هەیە و جیاوازی تێدەکەوێت.

کاتیش خۆی لە چەند شێوازێکدا دەبینێتەوە:-

١- ڕێچکەکانی کات ب- سیستەمی کات

## ڕێچکەکانی کات:

کات لە ڕۆماندا شێوەیەکی سروشتی نییە و ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک بەڕێوە ناڕوات، بەڵکو ئەم ڕیزبەندییە لە ڕۆماندا تێک دەشکێ و کاتی ڕۆمان و کاتی گێڕانەوە هاوتەریب نابن، چونکە ڕۆماننووس ئازادە چۆن کاتی ڕۆمانەکەی پێش و پاش دەخات و جڵەوی ڕووداوەکانی بەدەستەوەیە، ئەویش خۆی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە:

### ١. ڕێچکەی دواخراو:

کردارێکە لە گێڕانەوەدا یاخود ڕێچکەیەکە، گێرەرەوە بەکاری دەهێنێت، بەجۆرێک لەو ڕووداوانەی, کە ئێستا دەیگێڕێتەوە دەوستێت، دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕووداوانەی لەکاتی خۆی بەسەری دا تێپەر بووەو نەیگێڕاوەتەوە، بەمەش درێژە بەکاتی گێڕانەوەکە دەدات و زیاتر بە مەبەستی ئەوەیە ئاماژە بە کارەکتەر و ئەو ڕووداوانە بدات کە دەکەونە پێش کاتی ئێستا .

دواخراو (فلاش باگ–Flash back) تەکنیکێکە سەرەتا لەبواری سینەما بەکار دەهات .((نووسەر بەکاری دێنێت لە ڕۆمان یان چیرۆک، بەشێوەیەک وا لە خوێنەر دەکات لە ئێستای گێڕانەوەکە بێتەدەرەوە و دەیخاتە کاتێکی زووتری ڕووداوەکان، دیارە ئەم جۆرە بەکاردێت لە سینەما و فیلم دا، بەڵام دواتر گواسترایەوە بۆ نێو ئەدەب، چونکە مانایەکی قووڵتری دەبەخشی، هەروەها یارمەتی خوێنەری دەدا کە باشتر لە دنیای کارەکتەرەکان بگات، جگە لەوەش ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشچوون و گرژبوونی بەشەکانی گێڕانەوە.)) https://www.masterclass.com/articles/what-is-a-flashback)

### جۆرەکانی دواخراو:

زۆر لە ڕەخنەگران پۆلێنی جیاوازیان بۆ جۆرەکانی دواخراوکردووە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان باوترە و هاودەنگن لەسەری پۆلێنکردنەکەی (ژێرار ژێنێت)ە:

((أ. دواخراوی ناوەکی: ئەو دواخراوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دوای دەست پێکردنی گێڕانەوەکە، واتا ئەم ڕووداوە گێڕانەوەکەی دواکەوتووە.

ب . دواخراوی دەرەکی: گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕووداوەی دەکەوێتە پێش خاڵی دەست پێکردنی سەرەتای گێڕانەوەکە.

ج -دواخراوی تێکەڵ: ئەو دواخراوەیە کە تێکەڵە لە هەردوو جۆرەکەی پێشووتر.)) (قاسم، ١٩٨٤، ل٥٤)

٢. ڕێچکەی پێشخراو:

مەبەست لەم ڕێچکەیە بریتییە لە پێشخستنی ڕووداوەکان, کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن و ئێستا باسیان لێوە دەکات، واتە پێچەوانەی ڕێچکەی دواخراوە وگێڕەرەوە دێت لە ئێستا بۆمان باس دەکات پێش کاتی ڕوودانیان، واتە هێشتا خاڵی ڕۆیشتنی ڕووداوەکان نەگەیشتووە بەو کاتەی کە دەبێت باسی بکات بەڵکو وەستانێک دروست دەبێت و لە ئێستادا داهاتوو دێتە پێشەوە.

### جووڵەی کات لە ڕووی خێرایی و سستییەوە:-

خێرایی یاخود سستی لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بۆ جیاوازی نێوان ئەو دوو کاتە دەگەڕێتەوە ئەویش کاتی ڕۆمان لەگەڵ کاتی گێڕانەوە، لەبەر ئەوە کاتی ڕۆمان مەبەست لێی ئەوکاتەیە هاوشێوەی کاتی سروشتییە و لەگەڵ کاتی زەویدا یەک دەگرێتەوە و بەپێی کاتێکی لۆجیکی دەڕوا لەبەیەک دوا داهاتنی کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵە، یاخود زەمەنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووە، بەڵام کاتی گێڕانەوە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووس دایە و دەتوانێت بەئارەزووی خۆی یاری بە پێش وپاشی کاتەکە بکات یاخود، ڕووداوێکی چەند ساڵە لە چەند دێرێک و زەمەنێکی کورت دا باس بکات بە پێچەوانەش ڕووداوێکی چەند دەقیقەی بۆ زەمەنێکی درێژ بگێڕێتەوە. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا سیستەمی کات بۆ دوو

جۆر دابەش كراوە ئەوانیش:

١.خێرایی كات ٢.سستكردنی كات

## ١.خێرایی كات:

بە جۆرێك لە جۆرەكانی سیستەمی كات دادەنرێت و ڕۆماننووس هانای بۆ دەبات كە مەبەست لێی باسكردنی ڕووداوگەلێكی زۆرە بەكاتێكی كەم. خێراكردنی كات خۆی لە چەند تەكنیكێك دا دەبینێتەوە:-

أ.كورتكردنەوە:

وەک لە ناوەكەیەوە دیارە كورتكردنەوەی ئەو ماوە درێژەی كاتی ڕووداوەكانە لە گێڕانەوەیەكی كورتدا پێشكەش دەكرێت، ناچێتە ناو چوارچێوەی باسكردنی وردەكاری ڕووداو و كارەكتەرەكان و ئەو ماوە درێژەی ساڵ و مانگ و تەنانەت ڕۆژیش لە ڕووداوەكان كە تێدا ڕوویانداوە لە چەند پەڕەگرافێك و لاپەڕەیەكدا پێشكەشی دەكات، بەڵام لەهەمان كاتیشدا دەبێت وریای ئەوەش بین, كە هەندیک كات ڕووداوەكان كورت ناكرێتەوە یاخود لە كورتكردنەوەیدا دەبێت ڕۆماننووس زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بكات چونكە دەبێت لەگەڵ سیستەمی كاتەكەدا گونجان هەبێت بۆیە دەكرێت ڕۆماننووس ((بەئاگادارییەوە ڕووی تێبكات و لە ئەنجامی پێویستەكی هونەری بەكاری بهێنێت، واتە كاتێك هەست بكات ماوەیەک لە ژیانی كەسانی ناو چیرۆكەكە هەیە، كە گرنگییەكی ئەوتۆیان نییە و لادانیان كار ناكاتە سەر بینای هونەری چیرۆكەكە... لەبەر ئەوە كورتیان دەكاتەوە بەخێرایی بەسەریاندا ڕەت دەبێت)) (سابیر، ٢٠٠١، ل٣٠٣)

ب . لابردن:

تەكنیكێكی تری كاتە، ڕۆماننووس لەخزمەتی ڕۆمانەكەی بەكاری دێنێت، تاوەكو خۆی دەرباز لە درێژ دادری بكات, بەڵام ئەمە كاریگەری لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەكە نابێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە كاتی گێڕانەوەكەمان بۆ كورت و پوخت دەكاتەوە، ئەو ماوەیە، باس ناكرێت، بەكۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەت بەسەری دا تێپەڕ دەبێت، خوێنەریش لەو دەستەواژانە تێ دەگات، كە باسكردنی زەمەنێكی دوور و درێژ پێویست نیيە و هیچ پانتاییەک داگیر ناكات ((بۆیە كاتێك پارچەیەک یان بەشێك لە چیرۆكەكە بێ دەنگی لە بڵاوبوونەوەی یان خستنەڕووی كرا، یان ئاماژەیان پێ نەكرا تەنیا بە چەند دەستەواژەیەكی كاتی بۆ نموونە چەند هەفتەیەک تێپەڕی، دوای دوو ساڵێك ..... هتد)) (بحراوی، ١٩٩٠، ل١٥٦)

كەوایە لابردن لەخزمەتی گێڕانەوەكەیە، بەهایەكی بەرزتر و خزمەتێكی باشتر بە ڕۆمانەكە دەگەیەنێت، ئەمەش خۆی لە دوو جۆر دەبینێتەوە:

١.لابردنی دیاریكراو:

ئەو جۆرە لابردنە بە ڕوون و ئاشكرایی لە بارەی لابردنەكە دەدوێت بە چەند دەستەواژەیەكی دیاریكراو ڕوون وەک ((دوای چەند ساڵێك، دوای ڕۆژێك)) (قاسم، ١٩٨٤، ل٨٩ )

٢.لابردنی دیارینەكراو:

ئەو جۆرەیان دەستنیشانی لابردنەكە ناكات و بە ئاشكرا بۆمان ڕوون ناكاتەوە، بەڵكو خوێنەر خۆی هەستی پێ دەكات بۆیە ((ئەو لابردنەیە كە كاتە لابراوەكە بوونی بەدیار ناخرێت، بەڵكو خوێنەر دەبێت لەڕێگەی بۆشایی لابردنەكە بدۆزێتەوە و پەی پێ ببات)) (جینیت، ١٩٩٧، ل١١٩)

## ٣.سستكردنی كات:

ئەم جۆرەیان ڕێک پێچەوانەی خێراكردنی كاتەو ڕۆماننووس تێیدا دێت بۆ باسكردنی ڕووداوەكانی ناو ڕۆمانەكەی تاوەكو لەسەرخۆ بڕۆن پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرەیان. ئەمەش لەڕێگەی دیمەنەوە دەكرێت:-

دیمەن: ئەمەش بە جۆرێک بێت لە جۆرەکانی تەکنیکی سستکردنەوەی کات دادەنرێت بەمەبەستی باسکردنی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی درێژو تێر و تەسەل وەک خۆی چۆنە بەو شێوەیە، بۆیە((گێڕەرەوە تێدا هەڵوێستە گرنگەکان لە ڕووداوی چیرۆک هەڵدەبژرێت و دەیان خاتە بەر چاو بەشێوەیەکی درێژو ورد ڕووداوەکانمان بۆ باس دەکات، تا وا هەست دەکەین گێڕانەوە لە ڕەوتی گەشەکردن وەستاوە)) (یوسف، ١٩٩٧، ل٨٩)

دیمەن بەشێوەیەک ڕۆماننووس دەتوانێت بەکاری بهێنێت وەک ئەوەی, کە بەچاوی سەر دەتوانرێت ببینرێت و هەستی بەجوولە و کردار و گفتاری کارەکتەرەکان بکات بەمەش زیندوویەتی دەق ڕادەگرێت و خوێنەر پەلکێش دەکات وەک بەشدار بووێکی نێو ڕۆمانەکە .

دیمەنیش خۆی لە دوو بەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە ، کە ئەوانیش :

أ.دیمەنی وێنەیی ب.دیمەنی درامی

## بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی توخمی شوێنکات لە ڕۆمانی خەمی مەستوورەدا

## تەوەری یەکەم: پراکتیزەکردنی جۆرەکانی شوێن

### ١.شوێنی واقیعی:

کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانی خەمی مەستوورە جینۆسایدی ئەنفالە، کاتی ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٨)، شوێنەکەشی دێی (جەلەمۆرد)ە، ڕۆمانەکە خۆی لە ڕووداوێکی واقیعی دەبینێتەوە، هەروەها زۆربەی ئەو شوێنانەی ئاماژەیان بۆکراوە شوێنی ڕاستەقینەن. ڕووداوی ئەنفالکردنەکە لە دێی جەلەمۆرد دەست پێ دەکات، کاتێک بەپاس دەیانبەن بۆ شوێنی تاوانەکە ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێت: ((سەرنشینانی پاسەکە، بێجگە لە سیپانیان، هەموو خەڵکی دێی جەلەمۆرد بوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٧) دواتر مەستوورە بەهۆی ڕووداوێکەوە بریندار دەبێت و دەبردرێت بۆ کەرکوک بۆ وەرگرتنی چارەسەر، دواتریش گێڕەرەوە دەڵێت: ((کاتژمێر نۆی ڕۆژی پێنجشەممە بوو!، دەمەوبەیانیی ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانەی جمهووری شاری کەرکووک دەرچووبوو)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٣٥) لەوێشەوە بۆ شاری هەولێر چوو و لە شوقەکانی گەڕەکی ئیسکان نیشتەجێ بوو. کەواتە لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێک شوێنی واقیعی بەرچاو دەکەون، ڕۆماننووس بەکاری هێناون، تا ڕوداوەکان لەخۆ بگرن، واله خوێنەر بکات کە ڕووداوەکان مۆرکی ڕاستییان پێوە دیار بێت.

### ٢.شوێنی خەیاڵی:

لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە زۆر بەکەمی شوێنی خەیاڵی دەبینرێ، لەم نموونەیەدا بەر چاومان دەکەوێت، کاتێک مەستوورە خەون دەبینێت لەگەڵ سەگەکەی (مەجی) دەچێتە شوێنێکی دوور، شوێنەکە لای نەزانراوە بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((مەجی ئەرێ تۆ منت بۆکوێ هێناوە)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢٢٢) دوای ڕۆیشتنیان بۆ ماوەیەکی درێژتر وێنەی ئەو موجەمەعە دەبینێت, کە گوڵە و مینای هاورێی بۆیان باس کردبوو، گێڕەرەوە درێژە بە ڕووداوەکە دەدات و دەڵێت: ((لە دوورەوە تارماییی خانووی موجەمەعێکی بینی، ئەو موجەمەعەی مینا و گوڵە بۆیان باس کردبوو، ئەو شوێنەی پێ دەچوو خدر و منداڵەکانی لێ بن، ئەو شوێنەی کە لە بیابانێکی زۆر زۆر دوور بوو، هەستی دەکرد ڕۆژێک یان بگرە چەندین ڕۆژ بەڕێوەیە )) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢٢٢)

مەستوورە وردە لەو خەونەدا بۆی ڕوون دەبێتەوە خدر و کچەکانی نەماون، دوایی ئەو هەموو ساڵە لە چاوەڕوانی و بێ سەر و شوێن بوونیان دواجار بەو ڕاستییە دەگات، کە ئەو موجەمەعە هەر ئەو شوێنەیە کە خەڵکی گوندی جەلەمۆرد و گوندەکانی تریان لێوەی ئەنفال کردووە، زیاتر لەو ڕاستییە تێدەگەین کاتێک مەستوورە زیاتر نزیکی موجەمەعەکە دەبێتەوە و دەبینێت لەناو ئەو موجەمەعانە ((گەلە سەگێک لەناو ماڵ و کۆڵانەکانەوە دەرکەوتن، سەگەکان ڕەش و لۆقن بوون و بەردەوام بەناو یەکدا دەچوون، بیست سەگێک زیاتر

دەبوون، هەندێکیان روویان دەکردە حەوا و دەوەڕین، چەند سەگێک لە پێشەوە ددانەکانیان پیشانی مەستوورە و مەجی دەدا، مەستوورە لە مەجی روانی: ئەم درندانە لێرەن! کەواتە لەو موجەمەعە بەشەری بەزیندوویی تێدا ماون! )) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢٢٣) دیارە ئەوگەلە سەگە رەنگ رەش و لۆقنانە هەر مەبەست لە سەربازەکانی حیزبی بەعس بووینە, کە وەک سەگ پەلاماری ئەو خەڵکەیان داوە و گەورە و بچووکیان لەناو بردووە، کەواتە رۆماننووس زۆر بەجوانی و لێزانانە رووداوێکی خەیاڵی دروست کردووە، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی رۆمانەکە هەست دەکات کە هاوشێوەی ئەم جۆرە شوێن وکەسانە لە واقیع دا بوونیان هەیە.

### ٣.شوێنی هۆگر:

رۆماننووسان هەمیشە گرنگی بە شوێنی هۆگری کارەکتەرەکان دەدەن و بە بایەخەوە لێ دەڕوانن، بە تایبەت شوێن و ماڵ و یادگارییەکانی منداڵی هەمیشە تایبەتە، جا هۆگر بێت یاخود ناهۆگر، مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت و خۆی لێی لا بدات.

مەستوورە یادگارییەکی سەردەمی منداڵی خۆی بۆ مەجی دەگێڕێتەوە، کە منداڵ بووە، هاوڕێیەکی سەگی هەبووە، زۆری خۆشویستووە بەردەوام یاری لەگەڵ کردووە، تەنانەت کاتێک باوک و براکانی لە کار بووینە، لەناو ماڵەکەشدا پێکەوە یاریان کردووە، ناوی سەگەکەشی (بازە) بووە، ئەوەتا گێڕەرەوە لە رێی زەینی مەستوورەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((سەگەکەم ناوی بازە بوو، من تەمەنم پێنج ساڵان بوو ... هەردووکمان بچکۆلانە و بزێو بووین، پێکەوە بەردەوام یاریمان دەکرد, کە باوکم و براکانم لە ماڵەوە نەدەبوون، دەمهێنا بۆ ژوورەکانی سەرەوە، بگرە بۆ ژووری میوان و تەنانەت ناو جێگاکانیش)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٩٣-١٩٤) گێڕەرەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت مەستوورە و سەگەکە لە رووی بزێوی و هاروهاجییەوە وەک یەک بووینە بەڵام بازە زۆر زووتر گەورەی پێوە دیار بووە ((کاتێک تەمەنم بوو بە شەش ساڵ، ئەو تەمەنی خەریک بوو دەبوو بە ساڵیک، دەستم بە تووکی پشتیەوە دەگرت و بەدوای خۆیدا رایدەکێشام. من لەچاو ئەودا بە بچووکی مامەوە و ئەو بوو بە گەماڵێکی گەورە و بەهێز، دەنگی گۆڕا و لە دەنگی وەڕینەکەی، دڵم دادەخورپا، بەڵام وەکوو دوو هاوڕێی نزیک مابنەوە.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٩٤) کەواتە ئەو ماڵە شوێنێکی هۆگربووە، بۆ مەستوورە چونکە تێدا هەستی بە ئارامی و خۆشی کردووە ئەو سەگە هەستێکی تایبەتی پێی بەخشیوە کە مەستوورە دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا بیری لێ دەکاتەوە و چێژی پێ دەبەخشێت.

### ٤.شوێنی ناهۆگر:

ئەو شوێنەیە کارەکتەر هەست بە نائارامی و ناخۆشی دەکات، حەز ناکات تێیدا بمێنێتەوە، لەم رۆمانەدا شوێنی ناهۆگر پانتایی رۆمانەکەی داگیر کردووە، زۆربەی شوێنەکان ناهۆگرن وکارەکتەر تێیدا هەست بە مەترسی دەکات، گێڕەرەوە دەمانباتە سەردەمی منداڵی مەستوورە, کە خێزانەکەی لەناو دارمۆردەکاندا خۆیان شاردبۆوە لە ترسی هێرشی سەربازانی بەعس، بۆیە دەڵێت: ((بێدەنگ لەناو دارمۆردەکاندا خۆمان شاردبووەوە، باوکم زوو زوو لەبەر خۆیەوە و بە چرپە: فززەتان لێوە نەیەت!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٣)

گێڕەرەوە زیاتر دەمانباتە نێو ناوەڕۆکی رووداوەکە ئاماژە بەوە دەدات، نەک تەنیا خێزانی مەستوورە، بەڵکو تەواوی خەڵکی گوندی جەلەمۆرد لە مەترسیەکی گەورەدا بوون، بەتایبەت کاتێک سەربازەکان زۆر لێیان نزیک بوونەتەوە و ئاگریان لە دارەمۆردەکان بەرداوە، بەڵام ئەوان تا دەمەوبەیان لەناو ئەو دارانەدا ماونەتەوە و چاوەڕێی مەرگ بوون ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێت: ((تاوەکو دەمەوبەیان و پێش خۆرکەوتن لەناو پەڵە دارمۆردەکاندا ماینەوە، چاوەڕوان بووین ئاخۆکەی ئاگرەکە دەمانگاتێ و وەکوو قەدی دارمۆردەکان دەبینە خۆڵەمێش.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٤), بەڵام دواتر بەسەلامەتی هەمووی خەڵکی گوندەکە لێی دەردەچن ئەوەتا دەڵێت: ((کەس بە گوللەکان نەکەوتبوو، هەروەها ئاگرەکە نەگەیشتبووە قووڵایی پەڵە دارمۆردەکان وکەس پەنجەی گەرم نەبووبوو.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٤ -٥٥) کەواتە لەم رووداوەدا دەتوانین بڵێین شوێنەکە دژبەرە، نەک ناهۆگر چونکە مەرجە لە شوێنی دژبەر کارەکتەرەکان تووشی ئەشکەنجەدان یاخود مەرگ و مردن ببنەوە، دەتوانرێت بەم شێوەیە ئەم دوو شوێنە جیابکرێتەوە، کە ((خاڵی جیاکەرەوەی نێوانی ئەو دوو جۆرە شوێنە ئەو مەترسی ئەشکەنجە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و ئازاردان و بوونی مەترسی مەرگە یە کە لە شوێنی دژبەردا ڕووبەڕووی کارەکتەر دەبێتەوە، یان هەستی پێدەکات. بە پێچەوانەی شوێنی ناهۆگرەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی دوور لە هەست کردن بە مەترسی تیایدا دەژی، بەڵام تیایدا نائارامە و هەست بە سۆز و گەرم و گوڕی ناکات)) (ساڵح، ٢٠١١، ل١١٦)

### ٥. شوێنی کراوە:

شوێنێکە کارەکتەرەکان بە ئارەزووی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئازادن لە بەکارهێنانی و هاتووچوون دا. لەم ڕۆمانەدا زۆر شوێنی کراوە دەبینرێت و ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە، سەرەتا ڕووداوی ئەنفال ڕووبەرێکی زۆری ناوچە کوردییەکانی گرتۆتەوە بەمەش خەڵک لە ترسی گیانی خۆیان بۆ زۆر شوێنی کراوە هەڵهاتوون وەک دەشت و کێو و ئەشکەوتەکان.

مەستوورە دوای ڕزگاربوون لەم ڕووداوە بەرەو زۆر شوێنی کراوە ڕۆیشتووە، کاروانی ڕووداوەکان لەو شوێنانە درێژەی کێشاوە و بەردەوام بووە. گێڕەرەوە لە ڕێگای زەینی مەستوورە و بە زمانی ئەو ڕووداوەکە بۆ (کتە) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((دەزانیت ئەو ڕۆژە لە بازاڕ بۆچی بە شەڕ هاتم؟ چونکە سەگبابێکی نارەسەن پێی گوتم: لادێیی بێئەقڵ، بۆچی ناڕۆیتەوە بۆ ئەو کاولەیەی لێوەی هاتوویت! وەک بڵێی من لە هەولێر نانی دەستی ئەو بخۆم. تەنها لەبەر ئەوە بوو. داوای باقییەکەم لێ کردەوە، وای دەزانی ژنم و لادێیی و بێئەقڵم)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٥) کەوایە لەم نموونەیە (بازاڕ,–دوکان,–هەولێر, -لادێ) دەبینرێت، چەند شوێنێکی کراوەن هەموو کەسێک دەتوانێت بۆی بچێت و بەکاری بێنێت.

### ٦. شوێنی داخراو:

شوێنێکە تایبەتە بە کارەکتەرێک یاخود چەند کارەکتەرێک و تایبەتمەندی ئەو کارەکتەرەی پێوەبەندە. لەم ڕۆمانەدا شوێنی داخراو زیاتر خۆی لە (ماڵ)دا دەبینێتەوە، ئەوەتا بارام، کە کوڕی شێخ بایزی جاشە. باسی ڕابردووی خۆی دەکات. دوای ئەوەی لەگەڵ بورهانی برای لە بازاڕ هاتونەتەوە و جلەتازەکانیان لەبەر کردووە، بەڵام لەناکاو دەنگی تەقەیان بیستووە و دوژمنەکانی باوکی بەسەر ماڵەکەیان داداوە، بووەتە هۆی مردنی براکەی و دوو لە مامەکانی، گێڕەرەوەدەڵێت: ((کە دێمەوە بەر ئەو ماڵە دەوەستم دیمەنەکانی ئەو ڕۆژ و شەوەم دێنەوە پێش چاو ... بەو جۆرە زیاتر لە کاتژمێرێک تەقە و تەقینەوە بەردەوام بوو ...بەبیرم دێت لەو کاتەدا دایکم بەدەم گریان و هەنسکهەڵکێشانەوە وتی: دەی کوا بورهان، لەکوێیە ئەو کوڕە؟ بۆ دەنگی نییە؟ ... وام دەزانی لە ترسی تەقەکان لەپاڵ دیواری حەوشەکەدا خۆی مات کردووە. چووم لە تەنیشتیەوە دانیشتم ... چەند جارێک لەبەر خۆمەوە بانگم لێ کرد: کاکە بورهان! ... بەڵام دیار بوو پێش ئەوەی من بگەمە لای، ئەو گیانی دەرچووبوو... لەو کاتەدا مامە حامیدم بەدەم هاوار و بانگەوە گەیشتە سەرمان: کوڕە، حەکیم و حیکمەتیش پێوە بوون.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٦٠-١٦١-١٦٢) کەواتە ئەم ماڵە شوێنێکی داخراوی ناهۆگرە و کۆمەڵێک ڕووداوی جەرگبڕی تێدا دروستبووە، کە کاریگەری لەسەر کارەکتەرەکانی نێو ڕووداوەکەدا بەجێهێشتووە، بەجۆرێک بارام لەگەڵ هەر بینینێکی ئەم خانووە، ئازارەکەی لێ نوێ دەبێتەوە و ڕووداوەکەی دێتە پێش چاو.

## تەوەری دووەم: پراکتزەکردنی توخمی کات

## ڕێچەکەکانی کات: ١. ڕێچکەی دواخراو ٢. ڕێچکەی پێشخراو

### ١. ڕێچکەی دواخراو:

ئەم ڕێچکەیە بەکاردێت لە ڕۆمان، کە گێڕەرەوە دێت ڕووداوێک یاخود چەند ڕووداوێک, کە لە کاتی خۆی باسی نەکردووە جا لەبەر هەر هۆیەک بێت، گێڕانەوەکە لە ئێستادا ڕادەگرێت و ڕووداوێکی ڕابردوو باس دەکات, کە بۆ پێدانی زانیاری زیاتر و ڕوونکردنەوەی پێویست لە ئێستادا دەیانگێڕێتەوە، ئەم ڕێچکەیە لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە دا دەبێت بەسێ جۆر:

### أ. ڕێچکەی دواخراوی دەرەکی:

مەستوورە لەزاری گێڕەوەوە باسی ئەوکاتە دەکات, کە لە پێش بارەگای حیزبی بەعس دەیەوێت سۆراغی خدر و کچەکانی بکات چاوی بە شێخ بایز دەکەوێت کە لەسەردەمی گەنجی حەزیان لە یەکتر کردبوو بە ڕێکەوت لەوێدا یەکتر دەبینن و دەڵێت: ((ئەو ڕۆژە کە لەبەردەم بارەگای یەرمووک دوای زیاتر لە بیست ساڵ ڕێکەوتی شێخ بایزم کرد)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٣) کەواتە گێڕەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا کە دوای ئەو ماوە زۆرە دووبارە شێخ بایز دەبینێتەوە، کاتێک دەزانێت تەنیایە، شێخ بایز دەیخوازێت، هەرچەندە مەستوورە بەناچاری شووی پێکرد بەڵام وەک دەڵێت: ((ئەوەندم لە شێخ بایز دەست کەوت کە لە سایەی سەری ئەوەوە خاوەنی ماڵی خۆمم)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٣) مەستوورە دوای ئەوەی کەس و کاری لە دەست دەدات، بایز بۆی دەبێت بە فریادرەس، بەڵام مەستوورە بەوە ناوەستێت و دووبارە بەگەڕانەوە بۆ دواوە نهێنیەکی تری شێخ بایزمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەوەتا گێڕەوە دەڵێت: ((ساڵێک دوای ئەوەی شووم پێکردبوو، زانیم ژنی تری هەیە. بایز باوکی دوو کوڕ و کچێکە. کاتێک شووم بە بایز کرد، زۆر دزەگورگانە بوو، پێی گوتم نابێت کەس لێت ببیستێت کە پێشتر مێرد و منداڵت هەبووە، ئەو ڕۆژە مەلایەک و دوو پیاوی تری لەگەڵ خۆی هێنابوو. بەو جۆرە شووم بە بایز کرد)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٣) گێڕەرەوە بەهۆی تەکنیکی دواخراوی دەرەکی بۆ ژیانی شێخ بایز و مەستوورە گەڕاوەتەوە، واتە پێدانی زانیاری زیاتر و ڕوونکردنەوەی زۆرتر تا خوێنەر بزانێت کە بایز و مەستوورە چۆن یەکتریان ناسیوە و چۆن هاوسەرگیریان کردووە.

### ب. ڕێچکەی دواخراوی ناوەکی:

ئەم جۆرە ڕێچکەیە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. زۆربەی کات لە ڕێگەی زەینەوە ڕوودەدات، لەم ڕۆمانەش زۆربەی گەڕانەوەکان لە ڕێگەی زەینی مەستوورەوە ڕوودەدەن، ئەوەتا لە ڕێگای خەون بینینەوە مەستوورە دەمانگەڕێنێتەوە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ لە گوندەکان لەلایان بەعسییەکانەوە، دواتر بووە هۆی کوشتن و چۆڵکردنی خەڵکەکە لە گوندەکەیان، ئەوەتا دەڵێت: ((مەستوورە ئەمشەو دیسان خەونی بینیبوو. دەنگی هاوار و بانگ و گریان، دەنگی شریخەی ئەو گوللانەی لەناو چەمی باوەرووشە تەقێنران، کاتی هاتنی سەربازەکان، دەنگی گریانی منداڵ و قیژەی ژنەکان، کاتێک ئەو خەڵکەی لەوێ خۆیان شاردبووەوە و ئاشکرا بوون. بەردەوام ڕووداوەکانی ئەو چەند شەو و ڕۆژە بە خەون دەبینێتەوە، دەنگی ئەو گوللانەی تەقێنران؛ هێشتا لە گوێکانیدا دەزرنگێنەوە، شوێنەواری خوێنی ئەو دوو پیاوەی یەکەم کەس پێوە بوون.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١١) کەواتە گێڕەرەوەکە ئێستایی گێڕانەوەکە بەجێ دێڵێت و دەگەڕێتەوە دواوە، بۆ ئەوەی هەندێ ڕووداوی ڕابردوو لە ساتێکی پاش ڕوودانەکەی بگێڕێتەوە.

### ج. ڕێچکەی دواخراوی تێکەڵ:

ئەم جۆرە تێکەڵەیە لە هەردوو جۆرەکەی تر، واتە ڕووداوەکە لە ڕابردوو ڕوویداوە هێشتا بەردەوامە و پەیوەندی بە ئێستاشەوە هەیە. بگێڕەوە باسی زەمەنی هەرزەکاری خۆیمان بۆ دەکات، کاتێک دایکی گلەیی لێکردووە, کە کچێکی باش نییە، ئەگەر لەبەر باوکی نەبێت ئەوا پیاوەکانی قاسم ئاغا، کە پیاوی بەعسی و جاش بوونە سواری خۆی دەکات، کەواتە گێڕەرەوە دەستمان دەگرێت و بەرەو ڕابردوومان دەبات و لەزمانی مەستوورەوە پێمان دەڵێت: ((دایکم ناحەقیی دەرحەق کردم، کاتێک دەیگوت: تۆ نازانیت عەشق چییە، ئیتر کامە لە پیاوەکانی

قاسم ئاغا ڕوو لەم ئاواییە بکەن؛ تۆ چاوبڕکێیان لەگەڵ دەکەیت, ئەگەر چاوی باوکتت لێوە دیار نەبێت، هەموویان سواری خۆت دەکەیت!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٥) دواتر گێڕەرەوە درێژە بە ڕووداوەکە دەدات، باسی ئەو جادووە دەکات، کە دایکی لێی کردووە، تا بۆ یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا بێت، بۆیە دەڵێت: ((هەروەها جارێک ئەوەم لبێ بیست کە جادووی لێ کردووم و بە نسیبی یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا دەبم!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧١-٧٢) دیارە مەستوورە دەیەوێت بڵێت دوای ئەو هەموو ساڵە ڕەنگە جادووەکەی دایکم ڕاست دەرچووبێت بە نسیبی شێخ بایز بووم ئەو پیاوەی لە دێی جەلەمۆرد (٢٠) ساڵ پێش ئێستا خۆشم ویستبوو، بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((پێدەچێت کاریگەری جادووەکەی دایکم بێت، تووشم بە تووشی شێخ بایز بووە)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٦) کەواتە گێڕەوەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەشێک لە ڕووداوەکانی ژیانی مەستوورە و زیاتر خوێنەر بەرەو وردەکاری ژیانی ئەو دەبات و پەیوەستی دەکات بە ئێستای ژیانی ئەو کارەکتەرە.

## ٢.ڕێچکەی پێشخراو:

لەم ڕۆمانەدا زۆر کەم ئەم جۆرە ڕێچکەیە دەبینین زیاتر گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بەڵام لە یەکێک لە نموونەکان مەستوورە کاتێک قسە بۆ وێنەشکاوەکەی بایزی مێردی دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت، کوڕەکەی (باران) چیتر ئەو بە باوکی خۆی نازانێت، لەگەڵ کچە هاوڕێکەی (حەنان) ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەن، تەنانەت هەوڵیانداوە لەبەر باوکیان, کە کۆنەجاش بوونە ناوەکانیان بگۆڕن تاوەکو لەبەر ڕەفتارە گڵاوەکانی ئەوان نەبنە جێگەی تیروتوانجی خەڵکی، لێرەدا گێڕەرەوە لە زاری مەستوورەوە دەڵێت: ((منداڵەکانی تۆ و حەسۆی شەریف زێباری هاوڕێت شەرم لە کردەوەکانی باوکیان دەکەن ... ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی بارام و حەنان هیچم بۆ باس بکەن، خۆم ئەوەم لەلا ئاشکرا بوو, کە ئەوان دڵخوازی یەکترن ... دێنەوە لە هەولێر دەژین، وتیان ئیتر ئێمە هەقمان بەسەر باوکمانەوە نییە و بۆخۆمان ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەین، هەوڵی ئەوەیان داوە کە ناوەکانیان بگۆڕن، لەبەر ئەوەی کەس لەمەولا بە هۆی بێڕەوشتی و تاوانەکانی باوکیانەوە گێچەڵیان پێ نەکات.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١٥٦-١٥٧)
کەواتە بگێڕەوە ڕووداوەکانی ئێستای ڕاگرتووە و باسی داهاتوومان بۆ دەکات چۆن ئەم کوڕ و کچە بەنیازن هاوسەرگیری بکەن و نەخشەو پلانیان داناوە تاوەکو ژیانی تایبەتی خۆیان بە ڕێ بکەن .

## سیستەمی کات:

## ١.خێراکردنی کات ٢.سستکردنی کات

## ١.خێراکردنی کات:

ڕۆماننووس پەنا بۆ خێراکردنی کات دەبات بۆ ئەوەی بەخێرایی باسی ڕووداوەکە بکات و ڕووداوێکی درێژ لە ڕووی زەمەنییەوە بە چەند دێڕێک یان پەراگرافێک باس بکات، ناچێتە ناو وردەکارییەوە بەو مانایەی ((هەندێک ڕووداو ڕەنگە ساڵ و مانگ و ڕۆژ بخایەنێت کەچی لە چیرۆکدا بە چەند دێڕێک کۆتایی پێ دێت، هەندێک ڕووداویش چەند کاتێکی کەم دەخایەنێت، کەچی لەناو دەقەکەدا بە چەند لاپەڕە دەگێڕدرێتەوە)) (جینێت، ١٩٩٧، ل١٠٢)

أ.کورتکردنەوە:

تەکنیکێکە بەکاردێت بۆ خێراکردنی کات لە ناو ڕۆماندا و بەشێوەیەکی کورت و پوخت ڕووداوێکی درێژ پێشکەش دەکرێت بێ ئەوەی بچێتە کەلێن و وردەکاری ڕووداوەکانەوە .

مەستوورە دەمانگەڕێنێتەوە منداڵی خۆی، کاتێک حەرەس قەومی هاتبوون و گوندەکەیان لێ سووتاندبوون، دیارە مەستوورە

نازانێت ئەوان کێن و چ کارەن بۆیە دەڵێت: ((ئەو کاتە منداڵ بووم و ئەوەم نەپرسی، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار لەو ناوە عەرەبییانە تێگەیشتم. ئیتر خۆ حەرەس قەومی مەبەستیان لە سەربازەکانی دەوڵەت بوو.)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٥٧-٥٨) کەواتە گێڕەرەوە بەسەر ماوەیەکی زەمەنی زۆردا تێپەڕیوە، بەڵام باسی ئەو وردەکارییانەی نەکردووە، کە بوونەتە هۆی تێ گەیشتنی مەستوورە لەو وشە عەرەبییانە، بۆیە گێڕەرەوە بەهۆی ئەم تەکنیکەوە خێرا بەسەر ڕووداوەکان ڕەت دەبێ و کاتەکەمان بۆ پێش دەخات .

ب-لابردن:

تەکنیکێکە بە مەبەستی خێراکردنی کات بەکاردەهێنرێت، واتە یان کاتەکە دەستنیشان دەکرێت، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ لە لابردنەکە تێدەگات، یاخود دەبێت خۆی هەست بەو کەلێن و بازدانە بکات، کە دەکەوێتە نێو کاتی گێڕانەوەکە. دوو جۆر لابردن هەیە :-

١.لابردنی دیاریکراو:

لەم جۆرەیاندا کاتە لابردراوە دەستنیشان دەکرێت، لەو نموونەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێک شێخ بایز باسی ڕابردووی خێزانەکەی خۆی بۆ مەستوورە دەکات، چۆن دایک و باوکی لە ماوەیەکی زەمەنی کورت دا لەدەستداوە، بۆیە گێڕەرەوە ئەرکی گێڕانەوەکە دەداتە دەست شێخ بایز و بە زمانی ئەو دەڵێت: ((ساڵی ١٩٦١ باوکم لە کەرکووک هەڵهات و بوو بە پێشمەرگە. لەگەڵ دایکم و براکانم لە ماڵی باپیرەم بووین، تاوەکووساڵی ١٩٦٣ چاومان پێی نەکەوتەوە، مەبەستم ئەوەیە تاوەکوو ئەو ڕۆژەی هەواڵیان بۆ هێناین کە تەرمەکەی لە مەیتخانەی جمهووری بوو)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٤) ، کەواتە لێرەدا لابردنێکی دیاریکراو هەیە, بریتییە لە (٢) ساڵ، بگێڕەوە بەسەریدا تێپەڕیوە، دواتر درێژە بە ڕووداوەکە دەدات و دەڵێت: ((لە دوای ئەو ڕۆژەوە، دایکم لە گریان و کرووزانەوە زیاتر تاوەکوو مرد هیچی ترمان لێ نەبیست، هەمووی ساڵێکی نەبرد دوای کوژرانی باوکم دڵی وەستا و مرد)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٥) کەوایە گێڕەرەوە لێرەدا ساڵێکی تریشی لابردووە و بەخێرای بەسەریدا تێپەڕیوە. کەوایە ((لابردنی ڕاگەیەندراو ئەو لابردنەیە کە تیایدا حیکایەتخوان مەودای ماوە لابراوەکەمان بۆ دیاری دەکات و لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو ڕووداوە لە ماوەی چەند ڕۆژێک یا چەند مانگێک یان چەند ساڵێک ڕوویانداوە، بەڵام چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکانمان پێناڵێت)) (حاجی، ٢٠٠٩، ل١١٩).

٢.لابردنی دیارینەکراو:

لەو نموونەیەدا لابردنەکە دیارینەکراوە، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی ڕووداوەکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، گێڕەرەوە ماوەیەکی زۆری لاداوە، کە پەیوەستە بە تەمەنی مەستوورەوە، ئەوەتا باسی دایکی دەکات، جادووی لێ کردووە, کە خوێنی بێت بەهۆی ئەوەی پەردەی کچێنی نەماوەو تاوەکو خدری مێردی هەستی پێ نەکات, بەڵام دیارە ئەم جادووە هەر ئەو شەوی ئیشی خۆی ناکات بەڵکو تەمەنێکە لەگەڵ مەستوورە ماوەتەوە و تەواو بێزار و هەراسانی کردووە، بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((کلێنکسێکی سپی خوێناویی لەناو لەشی دەرهێنا، بەنیگایەکی پرسیارئامێزەوە سەری بادا و گوتی: لە نهێنیی ئەم خوێنە تێناگەم، دایکم گوتی هەر ئەو شەوە خوێنت دەبێ, کە لەگەڵ خدر دەچێتە پەردەی بووک و زاوایەتییەوە، لەبەر ئەوەی خدر نەزانێت پەردەی کچێنیت داوە بە یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا. ئەوەتانێ تاوەکوو ئەمڕۆش دایکم دێتە خەونم و پێم دەڵێت: خەتاکە لە تۆوە بوو، چونکە تۆ بۆ چەمی باوەڕووشە بانگ کردبوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٧٠) کەوایە ئەو کاتەی لادراوە هیچ کاریگەری لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەکە نەکردووە، هیچ بۆشایەکی داگیر نەکردووە، لە بارودۆخی ڕووداوەکەدا، بۆیە ڕۆماننووس درێژدادری ناکات و بەهۆی ئەم تەکنیکە کاتەکە لا دەدات .

## ٢.سستکردنی کات:

ئەم جۆرەیان کاتەکان درێژ دەکرێنەوە و ڕووداوەکان وردتر باس دەکرێن لە قەبارەی خۆیان، بەمەش کاتێکی زۆرتر لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەگرن. کە ئەمەش بە هۆی تەکنیکی دیمەنەوە دەبێت .

دیمەنیش ئەو تەکنیکەیە، بە مەبەستی سستکردنی کاتی نێو ڕۆمان بەکاردێت، ئەمەش خۆی لە دوو جۆر دا دەبینێتەوە :-

**أ. دیمەنی وێنەیی:**

ئەو جۆرەیان مەبەست لێی پیشاندانی دیمەنە، بە وشە لە لایان گۆشەنیگای گێڕەرەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ورد و تۆکمە پیشان دەدرێت، کە لەکاتی خوێندنەوەیدا وا هەست دەکەی کاتی ڕووداوەکە و کاتی گێڕانەوەکە بۆ ساتێک لە ئێستا دا ڕوو دەدەن.

لە ڕۆمانی خەمی مەستوورەدا ڕۆماننووس ئاشنامان دەکات بە دیمەنێکی وێنەیی مەستوورە، کە لە خەودا بینیبووی دیسان، گەڕابۆوە دێی جەلەمۆرد و چەمی باوەڕووشە، کاتێک سەربازەکان هاتبوون بۆ کوشتنی ئەو خەڵکە هەژار و بێدەسەڵاتە، بەتاڵانبردنی گوندەکەیان. ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێت: ((مەستوورە ئەمشەو دیسان خەونی بینیبوو. دەنگی هاوار و بانگ و گریان، دەنگی شریخەی ئەو گوللانەی لەناو چەمی باوەڕووشە تەقیندران، کاتی هاتنی سەربازەکان، دەنگی گریانی منداڵ و قیژەی ژنەکان، کاتێک ئەو خەڵکەی لەوێ خۆیان شاردبووەوە و ئاشکرا بوون. بەردەوام ڕووداوەکانی ئەو چەند شەو و ڕۆژە بە خەون دەبینێتەوە، دەنگی ئەو گوللانەی تەقێنران؛هێشتا لە گوێکانیدا دەزرنگێنەوە، شوێنەواری خوێنی ئەو دوو پیاوەی یەکەم کەس پێوە بوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل١١) کەواتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی بینینی مەستوورەوە ئەو دیمەنانەمانە بەدرێژیی بۆ باس دەکات، هەروەها کاتی گێڕانەوەکەش لەسەرخۆ دەڕوات و خوێنەر ڕادەگرێت، تاوەکو ئەو ڕووداوە بەوردی و تەواویی، هەموو گۆشەکانی ببینێت، وەک ئەوەی خۆی لەدوورەوە بینەری ئەم ڕووداوە بێت.

**ب. دیمەنی درامی:**

لەم جۆرەیاندا بەشێوەیەکی درامی ڕووداوەکە پێشکەش دەکرێت، واتە کارەکتەرەکان خۆیان دەکەونە قسە و گفتوگۆ و بە شێوەیەکی درامی خۆیان ڕووداوەکە پێشکەش دەکەن .

لە دیمەنێکی درامیدا ڕۆماننووس ئاشنامان دەکات بە دیالۆگی نێوان دوو سەرباز، لە ڕێگاوەن بۆ ئەوەی خەڵکی دێی جەلەمۆرد بەرەو شوێنی ئەنفال کردن ببەن، ئینجا باسی ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی ڕۆماننووس (فیۆدۆر دۆستۆیفسکی) دەکەن، سەربازە باڵابەرزە سوورکەرەکە کاتێک باسی ئەم کارەکتەرە بۆ سەربازە کورتە باڵاکە دەکات، دەبینێت هیچ زانیاریکی دەربارەی نییە، بۆیە پیی دەڵێت: (( چۆن ئەو کتێبەت نەخوێندووەتەوە؟ ئەی تۆ چۆن دەڵێت لە زانکۆی بەغداد خوێندوومە، کەچی ڕێکەوتی ئەو کتێبەت نەکردووە؟ وەکو پێم وتیت، لە ماڵی ئێمە لە نەجەف بێجگە لە قورئان و تەفسیر؛ هیچ کتێبێکی تر لە بەر دەستماندا نەبووە. دوایش کە چوومە زانکۆ لە کتێبخانەی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان کتێبی لەو جۆرەی لێ نەبوو، چونکە کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیە هەمووی دەربارەی ئاینی ئیسلام بوون ... منیش تاوەکوو نەچوومە زانکۆی موسڵ، لە ماڵەوە بۆم نەبوو بێجگە لە ئینجیل، هیچ کتێبێکی تر بە دەستمەوە ببینرێت، ئەو سەردەمە لە عەینکاوە ئێمەش تەنها کتێبە دینییەکانمان شک دەبردا!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، ل٢١-٢٢)

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو بە خاڵ ڕوونیان دەکەینەوە:

١. شوێنکات لای ڕۆماننووس زۆر گرنگی پێدراوە، بەجۆرێک ڕووداوی سەرەکی لە ڕێگەی چەمکی شوێنکاتەوە واتا و دەلالەتی پێ بەخشراوە و هەڵوەستەی لەسەر کراوە.

٢. شوێنکات لەو ڕۆمانەدا، خوێدنەوەیە بۆ خستنەڕووی ئەو کات و شوێنانەی کە پەیوەستە بە خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کورد و بەتایبەت وێنەی ئەو ژنانەی دوای کارەساتی ئەنفال بەتەنیا بەجێماون.

٣. چەندین جۆری شوێن و شێوازی کات لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە کراوە، بە جۆرێک زۆربەی تەکنیکەکانی ڕۆمانی نوێی تێدا بەکارهێناوە، بەمەش زیندوویەتی بە دەقەکە بەخشیوە و هەستێکی قووڵ و کاریگەر لەسەر خوێنەر بەجێ دێڵێت.

## لیستی سەرچاوەکان :

### کتێب بەزمانی کوردی:

١.ئیسماعیل، سەباح، (٢٠٠٩)، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگا و چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢.ئەبراهام، میران، (٢٠٢٠) ، خەمی مەستوورە- ڕۆمان، چاپخانەی کەپر، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣.حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، (٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک.

٤.سابیر، پەرێز، (٢٠٠١)، بینای چیرۆکی کوردی (لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥.ساڵح، تانیا ئەسعەد محەممەد، (٢٠١١)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە ، ئەژدیها)، ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

### کتێب بەزمانی عەرەبی:

٦.باختین، میخائیل، (١٩٩٠)، اشكال الزمان و المكان فى الرواية، ت: يوسف حلاق ، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

٧.بحراوي، حسن، (١٩٩٠)، بنية الشكل الروائي (الفضاء– الزمن– الشخصية) المركز الثقافي العربي، ، الطبعة الاولى، بيروت .

٨.جنداري، ابراهيم، (٢٠٠١)، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٩.جينيت، جيرار، (١٩٩٧)، خطاب الحكاية ( بحث في المنهج )، ترجمة: محمد معتصم و عبداجليل الأزدي و عمر حلي، المجلس الاعلى للثقافة، ط٢، القاهرة.

١٠.قاسم، سيزا أحمد، (١٩٨٤)، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

١١.يوسف، امنة، (١٩٩٧)، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار اللاذقية، ط ١.

١٢.حمدامين، معتصم، (٢٠١٢)، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا ، نامەی مستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، سکووڵی زمان، زانکۆی کۆیە.

١٣.عبدولمەحەمەد، ماریا جەلال، (٢٠١٥)، دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی(نەوزاد ڕەفعەت)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر.

١٤.کاکەسوور، کاروان عومەر،(٢٠٢١)، کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا، گۆڤاری گێڕانەوە، ژمارە (١)، هەولێر.

### سایتەکان:

15. the MasterClass staff, ( 2021), what is a flashback, https://www.masterclass.com/articles/what-is-a-flashback.